بارسا بەبێ لیۆ ناتوانێت جامی جیهان بباتەوە..

# «دەبوایە مێسی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بێت»



رووداوی وەرزشی - TANGO

سیزار مینۆتی، راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، راشکاوانە رایگەیاند کە تیپی ئێستای بارسیلۆنا بە بێ لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی تیپێکی ئاساییە، هەر یانەیەک دەتوانێت لێیبباتەوەو گوتیشی «پێویست بوو مێسی ئەڵمانی بێت».

مینۆتی، کە وەک راهێنەر مۆندیالی 1978ی بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بردووەتەوەو لە وەرزی 1983 ـ 1984یش راهێنەری بارسا بووە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی لاکاپیتالی ئەرجەنتینی، رەخنەی لە تیپی ئێستای بارسیلۆنا بە سەرپەرشتی لویس ئەنریکی گرت و رایگەیاند کە یانەی ریڤەر پلێتی ئەرجەنتینی لە مۆندیالی یانەکاندا دەتوانێت لە بارسا بباتەوە، ئەگەر مێسی یاری نەکات «بارسا بەبێ مێسی بەهەر یانەیەک دەدۆڕێت، بۆیە ئەگەر بەشداری مۆندیالی یانەکان نەکات، ریڤەر پلێت دەتوانێت نازناوەکە لە بارسا وەربگرێت، بەڵام ئەگەر مێسی یاری بکات ئەرکی ریڤەر پلێت زۆر زەحمەت دەبێت».

بەقسەی مینۆتی بێت، هەڵبژاردەی ئێستای ئەرجەنتینیش بە بێ مێسی تیپێکی ئاساییەو دەڵێت «ئەگەر مێسی نەبوایە، لە مۆندیالی 2014دا هەڵبژاردەی ئەرجەنتین قۆناخی یەکەمیشی نەدەبڕی». ئەو پێیوایە یاریزانە ئەرجەنتینییەکان لەناو یاریگەدا یارمەتی مێسی نادەن، بۆیە وەک خۆی دەڵێت «پێویست بوو مێسی ئەڵمانی بێت، ئەوکات جیهان دەیبینی چ یاریزانێکە و چۆن زیاتر

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (372) سێشەممە 2015/10/27 - 5ی گەلاڕێزان (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات





راست بێت ریال لە لیگا دەردەکرێت، درۆش بێت ناوبژیوانەکە دەچێتە زیندان..

# سکانـدالی کلاسیکۆ

3«

کەتالۆنییەکان: هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نییە

مەدریدییەکان: ئەمە پیلانێکە دژی ریال مەدرید



ئەو کارەی پێ شەریفترە لەوەی لە سەرۆک یانەیەک بپاڕێتەوە..

## گۆڵکاری کوردستان لە حانوتی قوتابخانەیەک کاردەکات 2«

## ماراسۆنی چوارەمە

رۆژی هەینـــی داهاتــوو، 2015/10/30، کاژێــر 8ی ســەر لە بەیانی لە بەردەم پارکی ســامی عەبدولڕەحمان لە هەولێر، چوارەمین ماراســۆنی نێودەوڵەتی بەبەشداری هەزاران وەرزشوانی کوڕ و کچ لە سەرجەم ئاستە تەمەنییەکان ئەنجام دەدرێت. ڕێکخەرانی ئەو ماراسۆنە نێودەوڵەتییە رایانگەیاند کە ماراسۆنەکە سێ ماوە لەخۆدەگرێت، 5 کیلۆمەتر و 10 کیلۆمەتر و 21 کیلۆمەتر. هەر یاریزانێکی بەشداربووش ئازادە بەشداری لە کامیان بکات، بەڵام دەبێ پێشوەختە ناوی خۆی بنووسێت و یەکێک لەو 3 ماوانە هەڵبژێرێت.

### گۆڵکاری کوردستان

# لە ناوبانگی یاریگەکانەوە بۆ حانوتی قوتابخانە

## کارزان عەبدوڵڵا: کاری حانوتم پێ شەریفترە لە پاڕانەوە لە سەرۆک یانەکان



**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

کارزان عەبدوڵــڵا، گۆڵــکاری هەڵبژاردەی کوردســتان و هێرشــبەری پێشــووی یانەی بروســک بــە (رووداوی وەرزشــی) راگەیاند "گرێبەســتم لە یانەی دهۆک بــۆ هاتووە بۆ ئــەوەی لە خولی عێراق یاری بۆ بکەم، بەڵام هیــچ بەرنامەیەکم بۆ یاریکردن نییە، چونکە بۆخــۆم لە حانوتی یەکێک لە قوتابخانەکانی هەولێر کاردەکەم".

کارزان عەبدوڵــڵا، گۆڵــکاری یانەکانــی هەولێر، بروســک، کەرکــووک و هەڵبژاردەی کوردســتان، لــە وەرزی رابــردوودا نەیتوانی بەردەوامبێت لــە یاریکردن، بەهۆی پێکان و چەند گرفتێکەوە، بەڵام ئێســتا ئامادەیە بۆ گەڕانەوە بۆ نێو یاریگەکان، هەرچەندە تاوەکو ئێســتا بڕیاری یەکجاری نەداوە بۆ گەڕانەوە بۆ یاریکردن، چونکە ســەرقاڵی کارکردنە لە حانوتی یەکێک لە قوتابخانەکانی ناو شــاری هەولێر، ئەو پێیوایە ئەوە ڕێگەیەکی باشترە لە تۆپی پێ بۆ پەیداکردنی قووتی خێزانەکەی.

کارزان عەبدوڵڵا، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە ئەو بڕیارێکی دروستی داوەو ئەو کارەی پێ شەریفترە لەوەی بچێت لە سەرۆک یانەکان بپاڕێتەوەو گوتی "کە نەتوانی مافی خۆت وەربگری، بۆ خۆت کەسابەتێک بکەی زۆر شەریفترە لەوەی لەو سەرۆک یانانە بپاڕێیتەوە، کە هەیانە بۆ گیرفان گەرمکردنی خۆیــان یانەکانیان دابەزاندووە. من شــانازی بەو کاسبیەمەوە دەکەم". هەروەها دەشڵێت "من کە گۆڵکاری کوردستان بوومە، گۆڵکاری خولی عێراق بوومە، یانەی کەرکووکم بۆ خولی نایاب سەرخستووە، هەروەها یانەی بروسک، کە ئەوکات ناوی پێرس بووە، سەرمخستووە بــۆ خولی نایاب، لەگەڵ ئەوەشــدا شــانازی بەوە دەکەم کە لە ڕێگەی حانوتەوە پارە بۆ خێزانەکەم دەستەبەردەکەم".

> "هەندێک لە سەرۆک یانەکانی کوردستان مافیان"

بــە قســەی کارزان، یانەی دهــۆک داوای لێکردووە لــە خولی عێراقدا یاری بۆ بکات و چەند هاوڕێیەکی داوایان لێکردووە بگەڕێتەوە نێو یاریگەکان، بەڵام وەک خۆی دەڵێت "من سوورم لەسەر بڕیارەکەی خۆم، چونکە بێجگە لە خــوا بڕوام بە کــەس نەمــاوە". هەروەها دەشــڵێت "هەندێــک لــە ســەرۆک یانــەکان مافیــان، پارە دەدزن، بۆ بەرژەوەندی خۆیان یانەکانیان دادەبەزێنن، نامەوێ بکەومەوە بن دەستیان".

ئەو گۆڵکارە، کە پێیوایە خولی کوردستان ئەوەنــدە بەهێــز نییە، لــە بــارەی ئەگەری گەڕانــەوەی بــۆ خولــی نایابی کوردســتان، گوتــی "لەوانەیــە جارێک بگەڕێمــەوە، بەڵام ئێستا نا، چونکە دەبێ بزانم بارودۆخەکە چی بەسەردێت". لەبارەی پڕۆپاگەندەی چوونی بۆ یانەی هەندرێنیش، گوتی "من هیچ شــتێکم لەگەڵ یانەی هەندرێن واژوو نەکردووە، تەنیا یاریزانانــی ئەوان بەمنیــان گوتووە، بەڵام لە هیچ یانەیەک نیمەو بۆخۆم سەربەستم".

# رووداو و یاریزانە دێرینەکانی بەحرکە یاریدەکەن



**رووداوی وەرزشی ـ بەحرکە**

تیپــی تۆپــی پێــی رووداو، لــە درێــژەی یارییــە دۆستانەکانیدا، یارییەکی دۆستانە بەرامبەر تیپی تۆپی پێی یاریزانە دێرینەکانی بەحرکە ئەنجام دەدات.

بڕیارە رۆژی هەینی 2015/10/30، کاژێر 3ی دوای نیوەڕۆ، لەسەر یاریگەی چیمەنیی بەحرکە، لە ناحیەی بەحرکەی سەر بە هەولێر، هەردوو تیپی تۆڕی میدیایی رووداو و یاریزانــە دێرینەکانــی بەحرکــە لــە یارییەکی دۆستانەدا رووبەڕووی یەکدی ببنەوە.


تەیــب کــەژۆ، یاریزانــی تیپی یاریزانــە دێرینەکانی بەحرکــە، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشــی) راگەیاند کــە ئەوان بە گەرمی پێشــوازی لە تیپی رووداو دەکەن و چــاوەڕێ دەکــەن یارییەکــی برایانــەو گــەرم و گوڕ بێــت و گوتی "یاریکردن لەگەڵ تیپــی رووداو چێژێکی تایبەتی هەیە، چونکە هەســتدەکەی بەرامبەر کۆمەڵە کەســێک یــاری دەکەی، کە لــە دەرەوەی یاریگەشــدا پەیوەندییەکی راستەوخۆت لەگەڵیان هەیە، بەو پێیەی رۆژانە بەشــێوەیەکی ماندوونەناســە لە ڕێگەی تۆڕێکی میدیاییەوە ئاشــنات دەکەن بە هەموو هەواڵ و رووداوە گرنگەکانی کوردستان و جیهان".

ســەنگەر عەبدولڕەحمان، وەک کاپتنی تیپی رووداو قســەی بۆ (رووداوی وەرزشــی) کردو هیوای خواســت خــۆی و هاوڕێکانــی لەو یارییەدا لــە رۆژی خۆیاندا بن و یارییەکــی بەهێز و پڕ لــە چێژ ئەنجام بدەن و گوتی "ئێمە بۆ ئەو یارییە بەهێزە بەپێچەوانەی چەند یارییەکی پێشــوومان بە باشــی ئامادەین، چونکە پێشتر زۆر لە یاریزانەکانمــان بەهــۆی پێکان یان بە هــۆکاری دیکە نەیاندەتوانی ئامادەبن، بەڵام ئەمجارە زۆربەمان ئامادەن و بێگومان هیواخوازین یارییەکە ببەینەوە".

ســەنگەر، هەروەهــا گوتیشــی "دەزانــم یاریزانــە دێرینەکانــی بەحرکە خــاوەن تیپێکی بەهێــزن، بەڵام ئەگەر ئێمــە لە رۆژی خۆماندابیــن، بێگومان یارییەکە دەبەینەوە".

### تەنیا یەک یاری تێدا ئەنجامدراو چیمەنەکەی تێکچوو..

# چیمەنێکی نوێ بۆ یاریگەی زاخۆ دادەنرێت



**سامان شوکری**
**رووداوی وەرزشی ـ زاخۆ**

دوای ئەوەی رۆژی 2015/6/3 بەئامادەبوونی ســەرۆکی ئەنجوومەنــی وەزیرانی کوردســتان و وەزیــری وەرزش و لاوانی عێراق، یاریگەی زاخۆی نێودەوڵەتــی کرایەوەو بەو بۆنەشــەوە یارییەکی دۆستانە لەنێوان یانەی زاخۆ و هەڵبژاردەی عێراق ئەنجامــدرا، ئیدی ئەو یاریگەیــە دوای ئەو یارییە یارییەکی دیکەی بەخۆیەوە نەبینووەو چیمەنەکەی بە تەواوی تێکچووە.

ئەگەرچــی یاریگەکــە تەنیــا یەک یــاری تێدا ئەنجامدراوە، بەڵام ئەوە دووەمجارە چیمەنەکەی دەچێنرێتــەوە، ئێســتاش لــە قۆناخــی گۆڕینی چیمەنەکەیدایە.

عەبدولوەهــاب بارزانــی، ســەرۆکی یانــەی زاخــۆ تایبەت بــە (رووداوی وەرزشــی) راگەیاند "کۆمپانیــای گلۆباڵ کە چیمەنەکەی بە گەرەنتی ســاڵێک دروســتکردبوو، دوای تەنیــا چەنــد مانگێکی کەم چیمەنەکــە تێکچوو، بۆیە نۆژەنی دەکەینەوە". سەرۆکی یانەکە ئەوەشی ئاشکراکرد کــە ئەمە چەندینجــارە کۆمپانیاکە ئــەم کارەی دووبــارە دەکاتەوە "هەر ئەم کۆمپانیایە چیمەنی بۆ یاریگەی فرانســۆ هەریری لە هەولێر و شەعب لە بەغــداد دانابوو، بەڵام هــەر زوو چیمەنی ئەو یاریگانــەش تێکچوو و گۆڕییــان، لەبەرئەوە ئەو کۆمپانیایە، کە بڕی یەک ملیۆن دۆلار پارەی لای ئێمە ماوە، ئەو پارەی پێنادەین".

عەبدولوەهــاب بارزانــی، گوتیشــی "ئێســتا گرێبەســتمان لەگــەڵ کۆمپانیاییەکــی تورکــی واژووکــردووەو بــە گەرەنتــی 2 ســاڵ چیمەنــی یاریگەکــە نۆژەندەکاتــەوە، لە مانگــی داهاتووە یاریگەکەمــان ئامادەدەبێت بــۆ ئەوەی یاری تێدا ئەنجامبدرێت".

### یەکەم کچە یارییە ترسناکەکە دەکات

# ئیمان لە سوێدەوە ئاڵای کوردستان بەرز دەکاتەوە



**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ ستۆکهۆڵم**

ئیمــان دەریبــی، کچــە یاریزانــی کــوردی هەڵبــژاردەی ســوێد، بۆ یارییە ترســناکەکان قۆناخێکی نوێ لە ژیانی وەرزشیی تێدەپەڕێنێت و دەبێتــە یەکەم یاریزانی کــورد کە بڕوانانەی پرۆفیشــناڵی یارییــە هونــەرە بەرگرییــەکان دەستەبەر دەکات.

ئیمــان، کە بە رەگەز کوردە، بەڵام خاوەنی وڵاتینامەی ســوێدییە، ماوەی چەندین ســاڵە ســەرقاڵی یارییــە هونــەرە بەرگرییەکانــەو لــەو چوارچێوەیــەش بەشــداری چەندیــن پاڵەوانیەتــی جیهانــی کــردووەو لــە بەشــی زۆری پاڵەوانیەتییەکانــدا وەک کوردێک خۆی ناساندووە.

ئیمان، کە (رووداوی وەرزشی ) وەک یەکەم میدیای کوردی کردە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانــی، گوتی "لە تەمەنی 9 ســاڵییەوە تێکەڵــی یارییەکانــی هونــەرە جەنگییــەکان بوومەو زیاتر لە ســێ ساڵە یاریزانی سەرەکی هەڵبژاردەی ســوێدم بۆ یاری شــەڕی ئازاد کە ناسراوە بەMMA ".

ئــەو کچە یاریزانە کــوردە، کە لەدایکبووی ساڵی 1992یەو خاوەنی پشتێنی جیوجیستوی برازیلییــە، گوتیشــی "هەرگیــز لــە مەشــق دانەبڕاوم، هەمیشە ئامانج و هیوایەکی گەورەم هەبووە، بۆیە ئــەوە وایکردووە لە تەمەنی 21 ساڵییەوە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ یاری بکەم و ئامانجیشمە تاوەکو لوتکەی دەستکەوتەکانم دەست لەم یارییە بەرنەدەم".

ئەو یاریزانە، کە بە کچە ترسناکەکەی کورد ناســراوە،ناوێکی دیارە لــەو یارییە لە وڵاتانی ئەســکەندەناڤیاو بەشــی زۆری یارییەکانــی راستەخۆ پەخش دەکرێن، ئەوەشی خستەڕوو، کــە کوردو کوردســتان و پێشــمەرگە لای ئەو ناوێکی تایبەتن بۆیە هەســت بە ئاســوودەی دەکات کاتێک لە یارییەکانیدا ئاڵای کوردستان و نــاوی پێشــمەرگە بەرزدەکاتــەوە، هەروەها نەشیشــاردەوە کــە خواســتی داهاتــووی سەردانیکردنی کوردستانە.

ئیمان،ئێستالەمەشقێکیچڕوپڕدایە،چونکە لە مانگەکانی داهاتوو چەندین رووبەڕوونەوەی لەبەردەمــە لە وڵاتانی دەرەوە.





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com
411



## لە مەترسیدایە

پزیشکان هۆشداریان داوەتە سێرجیۆ رامۆسی کاپتنی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، ئەگەر بەردەوام بێت لە یاریکردن و بۆ ماوەیەک پشوو نەدات، لەوانەیە پێکانەکەی شانی گەورەتربێت و ماوەیەکی زۆر لە یاریکردن دووربکەوێتەوە. بە قسەی پزیشکان "پێکانەکەی رامۆس لە بەشی پێشەوەی شانە، کە ئەو شوێنە زۆر بە ئاسنی تووشی پێکان دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر پێکانەکەی رامۆس نوێ ببێتەوە، بەلای کەمەوە ماوەی 6 مانگ لە یاریگەکان دوور دەکەوێتەوە". سەرەڕای ئەوەش رامۆس سوورە لەسەر یاریکردن و نایەوێ تیپەکەی لەم قۆناخە هەستیارەدا بەتەنیا بهێڵێتەوە.

# هەموو شتێک لەبارەی سکاندالی ناوبژیوانەکەی کلاسیکۆ

**ئا: ئیحسان تامیر**

کەتالۆنییەکان سوورن لەسەر ئەوەی لێکۆلینەوەیەکی جدی لە سکاندالەکەی ئەم دواییەی یاری کلاسیکۆ بکرێت بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان. مەدریدییەکانیش دەڵێن "ئەوە پیلانێکی کەتالۆنییە بۆ ناوزڕاندنی ریال مەدرید و چەند مەبەستێکی دیکە دایانڕشتووە".

### رووداوەکە

رووداوێکی کەم وێنە لەم وەرزەی تۆپی پێی ئیسپانیا لە ئارادایە، لەوانەیە بێ ئاگاداری پێشوەختە دەستی پێکردبێت، پارێزەرێک سکاڵایەکی لەدژی لیژنەی ناوبژیوانانی خولی ئیسپانیا پێشکەش کردووە، چونکە لیژنەکە داوای لە یاریدەدەرێکی ناوبژیوان کردووە لە کلاسیکۆی داهاتوودا یارمەتی ریال مەدرید بدات! ئەوە لەسەر زاری پارێزەرێک راگەیاندراوەو تاوەکو ئێستا ساخ نەبووەتەوە راستە یان نا.

بێشک لە رۆژانی داهاتوودا زۆر شتی شاراوە لە پشتەوەی ئەو سکاڵایە ئاشکرا دەبن، کە بەشێوەیەکی لەناکاو هاتە ئاراوە. جەماوەری بارسێلۆنا بەشێوەیەکی نیمچە تەواو پشتیوانی لەو کێشەیە دەکەن و دان بەوەدا دەنێن "ریال مەدرید بەکردەوە لەلایەن ناوبژیوانانەوە یارمەتی دەدرێت!". بەڵکو کاردانەوەی فەرمی کارگێڕی بارسێلۆنا ئەوەبوو کە رایگەیاند "ئەگەر ئەوە راست بێت بەڕاستی کارەساتێکی گەورەیە".

لەلایەن خۆشیانەوە جەماوەری ریال مەدرید نکۆڵی لەو دەنگۆیانە دەکەن و بەڵگەکانیش لەم وەرزەدا گەلێک زۆرن، لەبەرئەوەی تیپەکە بەهۆی هەڵەی روونی ناوبژیوانانەوە 4 خاڵی لەدەستداوە.

### بارسا متمانەی بە پۆلیس نییە

ئیدارەی بارسا دەیەوێ ئەو هەڕەشەیە بە جدی وەربگرێت و یارمەتی پۆلیس بدات بۆ گەیشتن بە هەقیقەتی ئەو پرسە. بارسا لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا دڵتەنگی خۆی لە بارەی ئەو مەترسییە راگەیاند و ئاشکرایکرد کە لیژنەیەک لە چەند پارێزەرێکی بەتوانا پێکدەهێنێت بۆ بەدواداچوون و یارمەتیدانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان. هەروەها رایگەیاند کە لای دادگای مافەکانی مرۆڤی جیهانی لە شاری ستراسبۆرگی فەرەنسی سکاڵا تۆماردەکات، چونکە وەک لە سەرچاوە نزیکەکانی ئەو یانەیەوە بیستراوە "بارسا متمانەی بە لێکۆلینەوەکانی پۆلیسی ئیسپانی نییە".

### "هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نییە"

کەتالۆنییەکان پێیانوایە "هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نییە"، بۆیە دەیانەوێ هەموو شتێک بکەن لەپێناو ئاشکراکردنی راستییەکان، تەنانەت ئەگەر هەڕەشەش بکەن. بەڵام لە هەمانکاتدا کەتالۆنییەکان دەڵێن هەڕەشەکانی بارسا بۆ سەر دەستەی دانانی ناوبژیوانان، مەبەست لێی تەنیا فشار خستنە سەر بەرپرسانی تۆپی پێی ئیسپانییە، بۆ ئەوەی بە جددی لێکۆلینەوە بکەن، نەک ناوزڕاندنی ناوبانگی تۆپی پێی ئیسپانیا. لە بەیاننامەکەی بارساشدا هاتووە "بارسا هیوادارە هەموو شتێک لەم پرسەدا لێکتێنەگەیشتن و بەدحاڵیبون بێت، لەپێناو ناوبانگ و هەیبەتی خولی تۆپی پێی ئیسپانیا، کە لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە بەهێزترین خولی تۆپی پێ لە جیهاندا".

### کەس کلاسیکۆی ناوێت

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی، ئەو هەرایەی بەهۆی پرسی هەڕەشەکردن لە ناوبژیوانەکە لە ئیسپانیا هاتووەتەوە، کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر ناوبژیوانانی ئیسپانی و کەسیان نایەوێت یاری کلاسیکۆ بەڕێوە ببات. چونکە وەک رۆژنامەکە باسیدەکات "ناوبژیوانان کەوتوونەتە نێوان دوو ئاگر، چونکە هەموویان دەزانن ئەگەر هەر یەکێکیان ببێتە ناوبژیوانی کلاسیکۆ فشارێکی زۆری دەکەوێتە سەر و بڕیار وەرگرتن لەو یارییەدا زۆر زەحمەت دەبێت، ئەگەر هەڵەیەک بۆ بەرژەوەندی ریال مەدرید بکات، بەوە تۆمەتباری دەکەن کە بەرتیلی وەرگرتووە، ئەگەر بەپێچەوانەشەوە بڕیارێکی لە بەرژەوەندی بارسا بێت، ئەوکات رووبەڕووی چەندین رەخنە دەبێتەوە، بۆیە ئەو ناوبژیوانانە چارەسەری لەوەدا دەبینن کە ناوبژیوانیکردنی یاری کلاسیکۆ رەتبکەنەوە".

### ناوبژیوانی بیانی

رۆژنامە و دەزگاکانی دیکەی راگەیاندنی ئیسپانی هەوڵدەدەن کاریگەری بخەنە سەر بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بۆ ئەوەی ئەرکی بەڕێوەبردنی یاری کلاسیکۆ بە دەستەیەک ناوبژیوانی بیانی بدرێت، بۆ ئەوەی هەموو گومانێک لەسەر ئەو یارییە گرنگە لاببەن، کە هەموو جیهان سەیری دەکات. بەڵام یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بە هەموو شێوەیەک ئەو سیناریۆیە رەتدەکاتەوە، مەگەر هەموو ناوبژیوانانی ئیسپانیا بەڕێوەبردنی ئەو یارییە رەتبکەنەوە.

### پیلانێکی کەتالۆنییە

لە بەرامبەردا میدیای مەدریدی بەشێوەیەکی دیکە شرۆڤەی ئەم پرسە دەکەن و پێیانوایە وروژاندنی ئەم پرسە لە بنەڕەتدا فێڵێکی کەتالۆنییە، بۆ چەند مەبەستێک هێنراوەتە ئاراوە.

بە قسەی مەدریدییەکان، کەتالۆنییەکان بۆ 4 مەبەست ئەو بەزمەیان هێناوەتە ئاراوەو دەڵێن "دەیانەوێ بەر لە کلاسیکۆ فشار بخەنە سەر یاریزانانی ریال مەدرید. دووەمیشیان بۆ ئەوەیە تۆڵە لە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید بکەنەوە، کە کەتالۆنییەکان پێیانوایە ئەو لە پشت ئاشکراکردنی سکاندالْ و گەندەڵییەکانی بارسا بوو لە پرسی گرێبەستەکەی نیمار دا سیلڤا". هەروەها دەڵێن "سێیەمیشیان بۆ ئەوەیە هەندێک فشار لەسەر لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یەکەمیان کەم بکەنەوە، کە بەهۆی سکاندالەکانی باوکی لە بارەی خۆدزینەوە لە باجەکانی دەوڵەت کەوتووەتە سەری. چوارەمیشیان بە پێی قسەی مەدریدییەکان مەبەستی کەتالۆنییەکان لە هێنانەوەی ئەم بەزمە، فشارخستنە سەر ناوبژیوانانە، بۆ ئەوەی لە یارییەکەدا بڕیارەکانیان لەدژی ریال مەدرید و بۆ بەرژەوەندی بارسا بێت".

### یاسا چیدەڵێت

لەنێوان رای جەماوەری هەردوو یانەدا، ئەگەر ئێمە لە رووی یاسایی و سیستەمی پەیڕەوکراو سەیری بکەین، دەبینین کێشەکە 3 روو یان 3 ئەگەری هەیە، کە بەمشێوەیەن:

**یەکەم:** ئەگەر سەلمێندرا ریال مەدرید لە پشتەوەی ئەو کێشەیەیە، بێشک دووچاری سزای توند دەبێتەوە، یەکەم سزاش دابەزاندنی یانەکەیە بۆ ریزی یانە پلە سێیەکان!. بەڵام ریال مەدرید دانابەزێندرێتە ئەو پلەیە، چونکە ریال مەدریدی کاستیا لەو خولە یاری دەکات و سیستەمی ئیسپانیاش، رێگە نادات دوو یانە لە یەک پلە یاری بکەن، بەمەش دابەزندنی ریال مەدرید بۆ ریزی یانە پلە دووەکان دەبێت، ئەوە ئەگەر هاتوو کێشەکەی لەسەر ساخ بووەوە.

**دووەم:** ئەگەر سەلمێندرا ئەو پارێزەرە و دەنگۆیەکانی درۆن، مانای راپێچ کردنیەتی بۆ بەردەم دادگا و سزادانیەتی، کە لەوانەیە بگاتە چەند ساڵێک بەندکردن، چونکە تۆمەتەکەی ئاراستەی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا و ریال مەدرید کراوە، ئەوکات هەردووکیان داوای توندترین سزا دەکەن.

**سێیەم:** بەهێزترین ئەگەر و پێشبینی زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە، کە دەستی دەرەکی لە دەرەوەی ئیسپانیا هەیە، کە مەبەست لێی مافیای گرەوکردنە، کە دەیەوێ تیپێک لە تیپێک بباتەوە و لەبەر خۆشویستنی هیچ تیپێک نییە، بەڵکو لەپێناو بەدەستهێنانی ملیۆنەها دۆلارە لەو یارییەدا. پێدەچێت دوای لێکۆڵینەوە ئەو پێشبینیە راست دەرچێت، بەڵام بەهەرحاڵ کێ ئەو ئەرکە ئاسان دەکات، لیژنەی ناوبژیوانان گەندەڵ دەردەچێت، ئەگەر تۆمەتەکە راست بێت.



هیچ ناوبژیوانێکی ئیسپانی نایەوێت ببێتە ناوبژیوانی کلاسیکۆ



**مەدریدییەکان:** سکاندالەکە فێڵی کەتالۆنییەکانە

**کەتالۆنییەکان:** متمانەمان بە پۆلیسی ئیسپانیا نییە

**چاودێران:** لەوانەیە دەستێکی دەرەکی لەپشت ئەم سکاندالەوە بێت

# لە ماڵی مەدرید شۆڕشێک بەسەرکردایەتی رامۆس هەڵگیرسا

## "یاریزانان داوای لابردنی دەستەی پزیشکانی یانەکە دەکەن"

**ئا: رووداوی وەرزشی**

لە پێشهاتێکی لەناکاودا لە ماڵی ریال مەدرید، یاریزانانی تیپی شاهانە داوایان لە کارگێڕی یانەکە کرد سنوورێک بۆ تیمی پزیشکی دابنێت، چونکە زۆربەی یاریزانان متمانەیان پێی نەماوە، رۆژنامەی مارکا لە راپۆرتێکیدا دووپاتی دەکاتەوە یاریزانانی ریال مەدرید راپەڕیوون و جەنگیان لەدژی پزیشکانی یانەکە راگەیاندووە.

وەک رۆژنامەی مارکای نزیک لە یانەی شاهانە باسیدەکات، کێشەکە گەیشتووەتە ئاستێک، یاریزانە پێکراوەکانی ریال مەدرید رازی نەبوون چارەسەری لەو پزیشکانە وەربگرن، ئەو یایزانانە بۆ کارکردن بە تەنیا کۆبوونەتەوە و چاوەڕێی گەیشتنی سەرۆکی پزیشکانی یانەکەیان نەکردووە، کە کەس

### هۆکاری لادانی ئەنچیلۆتی بوو

پێدەچێت بیرکردنی رۆژگارەکانی راهێنەر کارلۆ ئەنچیلۆتی هێشتا لەسەر زاری هەندێ یاریزانی تیپی شاهانە بێت، رۆژنامەی مارکا دووپاتیدەکاتەوە "سێرجیۆ رامۆسی کاپتن و هەندێک یاریزانی دیکە بە دەنگی بەرز هاواریان کردووە، ئۆلمۆی سەرۆکی پزیشکان هۆکاری راستەوخۆی لادانی ئەنچیلۆتی بووە". وەک مارکا باسیدەکات کەس ناتوانێت بڵێت ئۆلمۆ بەئەنقەست ئەو کارەی کردووە، چونکە ناکۆکی لەگەڵ راهێنەر هەبوو، بەڵام بێشک ئەو هەموو پێکانەی وەرزی رابردووی یاریزانان مایەی سەرسوڕمانە، چونکە وەرزی رابردوو هیچ ئەستێرەیەکی تیپەکە لە پێکان رزگاری نەبوو، ئەم وەرزەش بەهەمانشێوە هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، هەرچەندە رافا بینیتێزی راهێنەر لە رووی جەستەییەوە کارێکی زۆر باشی کردووە.

### رامۆس راپرسی کردووە

یانەی ریال مەدرید هێشتا بەدەست پێکانی ئەستێرەکانی دەناڵێنێت، لە وەرزی رابردووەوە تاوەکو سەرەتای ئەم وەرزە، پێکانە بەردەوامەکانی ئەستێرەکانی ریال مەدرید، سێرجیۆ رامۆسی کاپتنی یانەکەی ناچارکردووە، راپرسی لە پێناو دەنگدان بۆ لادانی سەرۆکی خزمەتگوزاری پزیشکی لە یانەی سپی پۆشەکان، خۆسێ ئۆلمۆ ئەنجام بدات. رۆژنامەکە باس لەوەش دەکات رامۆس بڕیاریداوە رۆژەڤی لادانی ئۆلمۆ لە پۆستەکەی بخاتە بەردەم یاریزانانی یانەکە، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدەن و ئەنجامی راپرسییەکەش بخاتە بەردەم کارگێڕی و فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانە. رۆژنامەکە نووسیویەتی "هەموو یاریزانانی ریال مەدرید دەنگیان بۆ لادانی ئۆلمۆ داوە لە پۆستەکەی، تەنیا دوو یاریزان نەبێت، کە ناوەکانیان ئاشکرا نەکراوە". هەروەها رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کردووە "ئەستێرەکانی تیپی شاهانە هیچ متمانەیان بە ئۆلمۆ نەماوەو هۆکاری پێکانی زۆری یاریزانان لە وەرزی رابردوو و ئەوە وەرزەشیان خستووەتە ئەستۆی". هەروەها باس لەوەش دەکات "رامۆس بەنیازە کۆبوونەوەیەکی بەپەلە لەگەڵ خۆسێ ئەنخێل سانچێزی ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەکە بکات، بۆ ئەوەی پێی رابگەیەنێت لادانی ئۆلمۆ لە پۆستەکەی زۆر پێویستە".




### سەرۆک پشتیوانی سانیتاسە

فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید پێشتر رایگەیاندبوو، قسەکردن لەسەر پێکانی بەردەوامی یاریزانان بەهۆی پزیشکەکان شتێکی قبوڵ نەکراوە، بە توندیش داکۆکی لە پەیوەندی یانەکە بە نۆڕینگەی سانیتاس کردبوو، کە بە گوێرەی گرێبەستی تازەی نێوانیان تاوەکو ساڵی 2018 مامەڵە لەگەڵ ریال مەدرید دەکات. پیرێز ماوەیەک پێش ئێستا رایگەیاند "پزیشکانی نۆڕینگەی سانیتاس باشترینی ئیسپانیان لە بواری خۆیاندا و ئەوان لە گەورەترین نەخۆشخانەکانی ئیسپانیا کار دەکەن، بۆ ئێمە ئاسان نەبوو گرێبەستیان لەگەڵ بکەین، چونکە ئەوان بەناوبانگن و لەلایەن هەمووانەوە داوا کراون، پێکانی یاریزانان شتێکی ناوخۆی تۆپی پێیە و پزیشکان هەرگیز نابنە هۆکاری".



"بە پێی راپرسییەک، کە رامۆس ئەنجامیداوە تەنیا 2 یاریزان لەگەڵ مانەوەی پزیشکی یانەکەن"

## ئەوەندەی نەماوە



دیتمار هامانی یاریزانی پێشــووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی پێیوایە، رۆژەکانی خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری یانەی چێلســی ئینگلیزی لەگەڵ ئەو یانە لەندەنییە زۆر کەمبوونەتەوەو بڕوا ناکات رۆمان ئەبرامۆڤیچی ســەرۆکی یانەکە چیدی لەســەر مۆرینیۆ بوەســتێت و لەو بارەوە دەڵێت "پێموایە مۆرینیۆ ئەوەندەی نەماوە لەگەڵ چێلسی، ئەو بە تەواوی کۆنترۆڵی ژووری جلگۆڕینی لەدەستداوە، کێشەی نێوان خۆی و ئیدین هازاردیش باشترین بەڵگەیە، بۆیە پێموایە سەرۆکی چێلسی بەم نزیکانە دەستبەرداری دەبێت".

سەیر و سەمەرە!!

# رۆناڵدۆ لە دایکی و ڤینگەر لە ژنەکەی دەترسێ

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشــتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەســەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:



## رۆناڵدۆ لە قسەی دایکی دەرناچێت

ســەرەڕای ئــەوەی بەم دواییــە چەندین راپۆرتــی رۆژنامەوانی و دەزگاکانــی راگەیاندنی ئیســپانیا، باســیان لەوە کــردووە کە کریســتیانۆ رۆناڵــدۆی ئەســتێرەی ریــاڵ مەدریدی ئیســپانی، پەیوەندیەکــی ســۆزداری تــازەی داناوە. کەچی راســتییەکەی پێچەوانەی ئەوە دەســەلمێنێت، نەخاســمە کــە دۆن بەمدواییە خورەوشــتی خۆی زۆر گۆڕیووەو لە جیاتی کچان زیاتر بایەخ بە کوڕەکەی و دایکی دەدات، کە لە مەدرید لەگەڵی دەژین.

بە گوێرەی هەواڵەکانی رۆژنامەی دیفنســا سێنترالّی ئیسپانی، دایکــی رۆناڵــدۆ بەهیچ جۆرێــک رازی نییە کوڕەکەی خۆی تووشــی پەیوەندییەکــی دیکە بــکات، دوای ئەزموونە ســەرنەکەوتووەکەی لەگەڵ ئێرینــا شــایک، دایکی رۆناڵدۆ پلان بــۆ پەیوەندیەکی سەرراســت دادەنێت کە بــە هاوســەرگیری کۆتایی بێت، کە لەبەرچــاوی و بە رەزامەندی خۆی بێــت. ئەو هەواڵانە ئەوە پشتراســت دەکەنەوە بەوەی دۆن ناتوانێت لە قســەی دایکی دەربچێت، کە بێگومان ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ئەســتێرەیە دایکی خۆی زۆر خۆشــدەوێت و وەفادارە بۆ ئەو خزمەتەی پێشکەشــی کردووە، کە باوکی زوو مردووەو دایکی خۆی و خۆشــکەکەی لە بارودۆخێکی زەحمەتدا گەورە کردووە. هەروەها ئەو راســتییەش دەســەلمێنێت کە هەر دایکی ئەو هۆکاری جیابوونەوەی بووە لە دۆستەکەی پێشووی، دوای ئەوەی دایکی پابەندنەبوونی شایکی بە رۆناڵدۆ بۆ دەرکەوت.



## ژنکەی ڤینگەر مێردەکەی دەمکوت دەکات

چەند ســەرچاوەیەکی راگەیاندنی ئینگلیزی ئاشــکرایان کردووە، ئارسین ڤینگــەری راهێنــەری ئارســنالّی ئینگلیزی لەلایــەن ئەندامانــی خێزانەکــەی زۆر ئامۆژگاری کــراوە، چیــدی لەگــەڵ خــۆزێ مۆرینیــۆی راهێنەری چێڵســی خۆی تووشی شەڕە قەسە و شەڕی راگەیاندن نەکات.

هەمان ســەرچاوە دووپاتی دەکەنەوە هاوســەری ڤینگەر سوور بووە لەســەر ئەوەی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی رۆژنامەنووسان نەداتەوە، نەخاسمە ئەوانەی تایبەتن بە پەیوەندی ڤینگە لەگەڵ مۆرینیۆدا، چونکە کاروانی درێژی و ناوبانگی وەک راهێنەرێکی دێرین بەبێ کێشە، نابێت کاریگەری بەســەر کۆتایهاتنی کاروانــی راهێنەرایەتیدا هەبێت، کە پێدەچێت نزیک بێت لەبەر چەندین هۆکار، گرنگترینان هەڵکشانی تەمەنی و شکستهێنانیەتی لە بەدەستهێنانی نازناوەکاندا.

ئەو سەرچاوانە دەڵێن "هاوسەری ڤینگە بە راشکاوی پێیگوتووە نابێت دەم لە دەمی مۆرینیۆ بنێی، هەرچی دەیلێت با بلّێت، وەڵامی مەدەرەوە".



## لەترسی پێکان قژی تاشی

سێرجیۆ رامۆســی بەرگریکاری ریال مەدرید و هەڵبــژاردەی ئیســپانیا، دوای بڵاوکردنــەوەی وێنەیەکــی تــازەی خــۆی لەگــەڵ هەنــدێ هاوڕێی و دەرکەوتنــی بــە ســتایلێکی تــازە، لەســەر تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رووداوێکی دروســتکرد، چونکە رامۆس لە وێنەکەدا بە قژێکی زۆر کورت دەرکەوتووە، هەرچەندە ئەو پێشــتر رایگەیاندبوو ئەو وەرزە بە ستایلی باوی پێشووی دەگەڕێتەوە، بەڵام وادیارە نەبردنە سەری ئەو بەڵێنە هۆکارێکی لەپشتەوە بووە، کە دەکرێت زیاتر لە خەیاڵ نزیک بێت، بەڵام لەوانەیە رامۆس بڕوای پێببێت.

بە گوێرەی هەواڵەکانی رۆژنامەی ASی ئیســپانی، رامۆس بە هەندێ هاوڕێی راگەیاندووە نایەوێ چیدی قژی درێژ بکاتەوە، چونکە هەرکاتێک قژی درێژ دەکات تووشــی پێــکان دەبێت، بەڵام لەوانەشــە شــتەکە تەنیا گاڵتەیەک بێــت لەلایەن رامۆســەوە، کە بــەردەوام ســتایلی قژی دەگۆڕێت.



# گواردیۆلا
# بە پاکتاوکردنی رەگەزی تاوانبارە

**ئا: ئەرسەلان عەبدوڵڵا**

رەخنــە و هێرشــەکان بۆ ســەر پیــپ گواردیۆلای راهێنەری بایرن میونشــن لەلایــەن میدیــا و کەسایەتییە دیارەکانــی یانەکــە و هەروەهــا جەمــاوەری باڤــاری نەوەســتاوەو زوو زوو گــەرم دەبێتــەوە، چاودێرانیــش پێیانوایــە ئــەو هێرشــانە ئەوکاتــە دەوەســتن، ئەگــەر پیپ نازناوی چامپیۆنسلیگ بۆ بایرن بباتەوە.

### رەخنەکان ناوەستن

ســەرەڕای ئــەوەی دووجــار لەســەریەک نازنــاوی خــول و جامــی ئەڵمانیــای بــۆ بایرن میونشــن بەدەستهێناوە، بــەڵام هێشــتا پیــپ گواردیــۆلای راهێنــەری ئیسپانی لە ئاگری رەخنە و هێرشــەکان لــە ئەڵمانیــا رزگاری نەبووە، کە لەلایەن کەســایەتییە دیارەکانی یانەکــە، بــە تایبەتی قەیســەر بیکنپاوەر و جەماوەر و هەندێک لە میدیاکانەوە دەکرێتە سەری.

رەخنەگرەکان هێشــتا شێوازی کارکردنی گواردیــۆلا و ئاســتی کۆنترۆڵکردنــی تۆپی تیپەکەیــان پێ هــەرس ناکــرێ و پێیانوایە لەگەڵ سروشتی یاریزانانی یانەکە ناگونجێت، بەتایبەت کە بردنەوەی نازناوە ناوخۆییەکان بــۆ هاندەرانــی یانــە باڤارییەکــە شــتێکی ئاســاییەو راهێنەرەکانی پێــش گواردیۆلاش هەمان شتیان کردووە.

ئێستا دوای 2 ساڵ لە تاقیکردنەوەو پلانی جۆراوجۆر لە شێوازی یاریکردن و گۆڕانکاری، پێدەچێــت گواردیــۆلا رێگــەی گونجــاوی دۆزیبێتــەوە بۆ گەیشــتن بــە ئامانجەکەی، ئەویش شێوازی پاکتاوی رەگەزییە.

### پاکتاوی رەگەزی دەکات

گوزارشــتی پاکتاوی رەگەزی بۆ ســوپای پێشــووی یوگســلاڤیا بەکاردەهات، کاتێک کوشــتنی بەکۆمەڵیان بەرامبەر بۆسنییەکان ئەنجامــدا، بــەڵام بە مانــا مەجازییەکەی بۆ گواردیۆلا تا رادەیەک بەکاردێت، دوای ئەوەی پاکتاوی زۆربــەی یاریزانە ئەڵمانییەکانی لە پێکهاتەی بایرندا کرد، کاتێک لەگەڵ بەشێکی ئەڵمانەکان کێشــەو دەمەقاڵێ دروســتکردو بەهۆیەوە هەندێکیان تیپەکەیان بەجێهێشت، وەک تۆنی کرووس و شڤاینشتایگەر، هەروەها هەندێکی دیکە کەوتنە سەر کورسی یەدەگ، وەک ماریۆ گۆتزێ و مۆلەر..

### گۆڕینی دیمۆگرافیای بایرن

ئێســتاو بەبــەراورد لەنێــوان پێکهاتەی 2013 بــۆ 2015، ژمــارەی ئەڵمانــەکان لە پێکهاتەی سەرەکی بایرندا لە 7 یاریزان بۆ 3 تاوەکو 4 یاریزان کەمبووەتەوە.

پرۆســەی دوورخســتنەوەی ئەڵمانەکان لەماڵی خۆیانــدا هەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکو هێنانــی یاریزانانــی لاتینی لــە ئەمەریکای باشوور و ئەوروپاوە بەدوادا هات، کە ئێستا بوونەتە ســتوونی ســەرەکی تیپەکە، لەوانە ئەلکانتارا، چابی ئالۆنسۆ، ڤیداڵ و دۆگلاس کۆســتا، کــە خــاوەن تەکنیــک و خێرایین و ســەرکەوتنیان بــە فەلســەفەی گواردیۆلا بەخشــیوە، ئەگەرچــی بەدڵــی هاندەرانــی یانەکەش نەبێت.

### بردنەوەی چامپیۆنسلیگ

بایــرن لــە ئەڵمانیــا رکابــەری نییەو لە چامپیۆنسلیگیشــدا هەمــوو وەرزێــک لــە پێشــکۆتاییە، بەڵام بەدەستنەهێنانی جامە خــاوەن دوو گوێچکەکــە، کــە مەبەســت نازنــاوی چامپیۆنســلیگە، پێناچێــت رێگە بدات گواردیۆلا لە سەرووی هەڕەمی مەشقی بایرندا بهێڵێتەوەو لەو سیاسەتەشی بەردەوام بێــت، کە جێگەی رەخنەی بەشــێکی زۆری ئەڵمانەکانە.



## لیستی 10 خێراترین یاریزانی ئێستای پریمەرلیگ..

# لیستەر سیتی شەمەندەفەرە خێرایەکەی پریمەرلیگە

**رووداوی وەرزشی ـ MBC**

بەپێی ئامارێکی نوێی خولی پریمەرلیگی ئینگلیزی، دەردەکەوێــت کە ئەو خولە خــاوەن کۆمەڵێک یاریزانی زۆر خێرایــە. ئــەوەی جێگەی سەرەنجیشــە ئەوەیە کە هیچ ئەستێرەیەکی بەناوبانگ لە ریزبەندی 10 خێراترین یاریزانی پریمەرلیگدا نابینی. وەک هەی ئارسناڵ، هەرسێ ئەستێرەی یاتیۆ واڵکۆت و ئەلیکسیس سانچێز و هیکتۆر بلیرین.

ئەوەی زیاتر جێگەی ســەرەنجە، لە کۆی 10 خێراترین یاریزانی ئەمســاڵی پریمەرلیــگ، 5 یاریزانی یاری بۆ یانەی لیســتەر ســیتی دەکەن، بەو مەرجەی خاوەنی پلەی یەکەم و دووەم چوارەم، یاریزانی ئەو یانەیەن. بۆیە دەکرێت لیســتەر سیتی بە شەمەندەفەرە خێرایەکەی پریمەرلیگ ناوببەین.

**هەرچۆنێک بێت، ئێستا ریزبەندی 10 خێراترین یاریزانی پریمەرلیگ بەمشێوەیە:**

1. جیمی ڤاردی (لیستەر سیتی): 35:44 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
2. جیڤری شلۆپ (لیستەر سیتی): 35:26 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
3. بیلی جۆنز (سەندەرلاند): 35:07 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
4. مارک ئەلبریتۆن (لیستەر سیتی): 35:05 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
5. ڤیکتۆر مۆسیس (وێستهام): 35:00 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
6. ریتشی دی لایت (لیستەر سیتی): 34:98 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
7. مامی زیۆف (ستۆک سیتی): 34:97 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
8. کارل ینکسۆن (وێستهام): 34:89 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
9. چارلی دانیلز (بۆرنیمۆس): 34:86 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.
10. ویس مۆرگان (لیستەر سیتی): 34:67 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا.





بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەک، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەک
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

411 korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**خولی عێراق**
هەولێر
سێشەممە 27/10/2015
02:30
نەجەف

**جامی ئەڵمانیا**
بایرن میونشن
سێشەممە 27/10/2015
10:30
فۆلفسبۆرگ

**جامی ئینگلتەرا**
ستۆک سیتی
سێشەممە 27/10/2015
10:45
چێڵسی

**جامی ئیسپانیا**
ڤیلانۆڤێنسی
چوارشەممە 28/10/2015
10:30
بارسیلۆنا

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 10)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2015/10/30** | |
| دیپۆرتیڤۆ ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:30 |
| **شەممە 2015/10/31** | |
| ریال مەدرید ـ لاس پالماس | 06:00 |
| ڤالنسیا ـ لیڤانتی | 08:15 |
| ڤیارپیال ـ سڤیلیا | 08:15 |
| گیتافی ـ بارسیلۆنا | 10:30 |
| ریال سۆسیداد ـ سێلتاڤیگۆ | 12:05 |
| **یەکشەممە 2015/11/1** | |
| ئیبار ـ رایۆ ڤالیکانۆ | 02:00 |
| ئیسپانیۆل ـ گرانادا | 06:00 |
| خیخۆن ـ مەلەگە | 08:15 |
| ریال بیتیس ـ ئەتلەتیک بلباو | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ریال مەدرید | 21 |
| 2 ـ بارسیلۆنا | 21 |
| 3 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 19 |
| 4 ـ سێلتاڤیگۆ | 18 |
| 5 ـ ڤیارپیال | 17 |
| 6 ـ دیپۆرتیڤۆ | 13 |
| 7 ـ ئیبار | 13 |
| 8 ـ سڤیلیا | 12 |
| 9 ـ ڤالنسیا | 12 |
| 10 ـ ریال بیتیس | 12 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ نیمار | بارسیلۆنا | 8 |
| 2 ـ رۆنالدۆ | ریال مەدرید | 7 |
| 3 ـ نۆلیتۆ | سێلتاڤیگۆ | 7 |
| 4 ـ سوارێز | بارسیلۆنا | 7 |
| 5 ـ بنزیمە | ریال مەدرید | 6 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 11)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2015/10/31** | |
| چێڵسی ـ لیڤەرپوول | 03:45 |
| کریستال پالاس ـ مانچستەر یونایتد | 06:00 |
| مانچستەر سیتی ـ نۆرویچ سیتی | 06:00 |
| نیۆکاسڵ ـ ستۆک سیتی | 06:00 |
| سوانزی سیتی ـ ئارسناڵ | 06:00 |
| واتفۆرد ـ وێستهام | 06:00 |
| وێست برۆمیچ ـ لیستەر سیتی | 06:00 |
| **یەکشەممە 2015/11/1** | |
| ئێڤەرتۆن ـ سەندەرلاند | 04:30 |
| ساوسهامتۆن ـ بۆرنیمۆس | 07:00 |
| **دووشەممە 2015/11/2** | |
| تۆتنهام ـ ئەستۆن ڤێلا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ مانچستەر سیتی | 22 |
| 2 ـ ئارسناڵ | 22 |
| 3 ـ وێستهام | 20 |
| 4 ـ مانچستەر یونایتد | 20 |
| 5 ـ لیستەر سیتی | 19 |
| 6 ـ تۆتنهام | 17 |
| 7 ـ کریستال پالاس | 15 |
| 8 ـ ساوسهامتۆن | 14 |
| 9 ـ لیڤەرپوول | 14 |
| 10 ـ وێست برۆمیچ | 14 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ڤاردی | لیستەرسیتی | 10 |
| 2 ـ ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 6 |
| 3 ـ سانچێز | ئارسناڵ | 6 |
| 4 ـ جیۆرجینهۆ | لیستەرسیتی | 6 |
| 5 ـ پێلێ یانە | ساوسهامتۆن | 5 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 10)

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/10/27** | |
| بۆلۆنیا ـ ئینتەرمیلان | 10:45 |
| **چوارشەممە 2015/10/28** | |
| ئاتالانتا ـ لازیۆ | 10:45 |
| فرۆزینۆنی ـ کارپی | 10:45 |
| میلان ـ کییڤۆ | 10:45 |
| ناپۆلی ـ پالێرمۆ | 10:45 |
| رۆما ـ ئۆدینێزی | 10:45 |
| ساسۆلۆ ـ یوڤانتۆس | 10:45 |
| تۆرینۆ ـ جێنەوا | 10:45 |
| ڤیرۆنا ـ فیۆرەنتینا | 10:45 |
| **پێنجشەممە 2015/10/29** | |
| سامپدۆریا ـ ئیمپۆلی | 10:45 |
| **شەممە 2015/10/31 (هەفتەی 11)** | |
| یوڤانتۆس ـ تۆرینۆ | 08:00 |
| ئینتەرمیلان ـ رۆما | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/11/1** | |
| فیۆرەنتینا ـ فرۆزینۆنی | 02:30 |
| جێنەوا ـ ناپۆلی | 05:00 |
| ئۆدینێزی ـ ساسۆلۆ | 05:00 |
| بۆلۆنیا ـ ئاتالانتا | 05:00 |
| کارپی ـ ڤیرۆنا | 05:00 |
| لازیۆ ـ میلان | 10:45 |
| **دووشەممە 2015/11/2** | |
| کییڤۆ ـ سامپدۆریا | 09:00 |
| پالێرمۆ ـ ئیمپۆلی | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ رۆما | 20 |
| 2 ـ ناپۆلی | 18 |
| 3 ـ فیۆرەنتینا | 18 |
| 4 ـ ئینتەرمیلان | 18 |
| 5 ـ لازیۆ | 18 |
| 6 ـ ساسۆلۆ | 15 |
| 7 ـ سامپادۆریا | 14 |
| 8 ـ تۆرینۆ | 14 |
| 9 ـ ئاتالانتا | 14 |
| 10 ـ میلان | 13 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 10)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2015/10/30** | |
| فرانکفۆرت ـ بایرن میونشن | 10:30 |
| **شەممە 2015/10/31** | |
| کۆڵن ـ هۆفنهایم | 05:30 |
| ئوگسبۆرگ ـ ماینز | 05:30 |
| شاڵکە ـ ئینگۆلشتات | 05:30 |
| هێرتا بەرلین ـ مونشنگلادباخ | 05:30 |
| ڤێردەربریمەن ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 05:30 |
| فۆلفسبۆرگ ـ بایرلیڤەرکۆزن | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/11/1** | |
| شتۆتگارت ـ دارمشتات | 05:30 |
| هامبۆرگ ـ هانۆڤەر | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 30 |
| 2 ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 23 |
| 3 ـ شاڵکە | 19 |
| 4 ـ فۆلفسبۆرگ | 18 |
| 5 ـ هێرتا بەرلین | 17 |
| 6 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 17 |
| 7 ـ مونشنگلادباخ | 15 |
| 8 ـ ئینگۆلشتات | 14 |
| 9 ـ کۆڵن | 14 |
| 10 ـ هامبۆرگ | 14 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 13 |
| 2 ـ ئۆباميانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 13 |
| 3 ـ مۆلەر | بایرن میونشن | 10 |
| 4 ـ مالی | ماینز | 6 |
| 5 ـ مۆدیست | کۆڵن | 6 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 12)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2015/10/30** | |
| رین ـ پاریس سانجێرمان | 10:30 |
| **شەممە 2015/10/31** | |
| سانت ئیتیان ـ ریمس | 07:00 |
| باستیا ـ کان | 10:00 |
| ئەجاکسیۆ ـ بۆردۆ | 10:00 |
| گانگۆن ـ لۆریان | 10:00 |
| تۆلۆز ـ مۆنپێلیە | 10:00 |
| تروا ـ لیۆن | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/11/1** | |
| نیس ـ لیل | 04:00 |
| مۆناکۆ ـ ئەنجی | 07:00 |
| نانت ـ مارسیلیا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ پاریس سانجێرمان | 29 |
| 2 ـ ئەنجی | 22 |
| 3 ـ کان | 21 |
| 4 ـ لیۆن | 19 |
| 5 ـ سانت ئیتیان | 19 |
| 6 ـ نیس | 17 |
| 7 ـ رین | 17 |
| 8 ـ مۆناکۆ | 17 |
| 9 ـ لۆریان | 16 |
| 10 ـ نانت | 16 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ پاتشوای | مارسیلیا | 8 |
| 2 ـ ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 7 |
| 3 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 7 |
| 4 ـ بن عەرەفە | نیس | 7 |
| 5 ـ ڤاڵێر | نیس | 6 |

## گۆڵکاری خولی ئیتاڵیا

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مارتینز | سامپادۆریا | 7 |
| 2 ـ هیگواین | ناپۆلی | 6 |
| 3 ـ ئینسینی | ناپۆلی | 6 |
| 4 ـ کالینیچ | فیۆرەنتینا | 5 |
| 5 ـ بالۆسکی | کییڤۆ | 5 |

## خولی عێراق (هەفتەی 7)

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/10/27** | |
| شورتە ـ مینا | 02:30 |
| سناعە ـ بەغداد | 02:30 |
| زاخۆ ـ جەویە | 02:30 |
| نەجەف ـ هەولێر | 02:30 |
| نەوتی باشوور ـ کارەبا | 02:30 |
| نەوتی ناوەڕاست ـ نەوت | 02:30 |
| **یەکشەممە 2015/11/1 (هەفتەی 8)** | |
| زەورا ـ دهۆک | 02:30 |
| کەرخ ـ نەوتی میسان | 02:30 |
| سەماوە ـ تەڵەبە | 02:30 |
| نەوتی باشوور ـ کارەبا | 02:30 |
| نەوتی ناوەڕاست ـ نەوت | 02:30 |
| **دووشەممە 2015/11/2** | |
| هەولێر ـ زاخۆ | 02:30 |
| کەربەلا ـ شورتە | 02:30 |
| مینا ـ سناعە | 02:30 |
| جەویە ـ حدود | 02:30 |
| بەغداد ـ نەجەف | 02:30 |

**خولی ئیتاڵیا**
رۆما
شەممە 31/10/2015
10:45
ئینتەرمیلان

**خولی ئیتاڵیا**
میلان
یەکشەممە 1/11/2015
10:45
لازیۆ

**خولی ئینگلتەرا**
چێڵسی
شەممە 31/10/2015
03:45
لیڤەرپوول

**جامی ئینگلتەرا**
مانچستەر یونایتد
چوار شەممە 28/10/2015
11:00
میدلزبرە

KOREK Telecom



ڕۆژنامــەی بیلــدی بەناوبانگی ئەڵمانی وردەکاری گفتوگۆی نێوان بەڕێوەبەری کارەکانی کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری ئیتاڵی و ئیدارەی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، ئاشکراکرد، کە بەرپرسانی یانەی باڤاری دەیانەوێ لە سەرەتای وەرزی داهاتووەوە ئەنچیلۆتی جێگەی پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری ئێستای بایرن میونشن بگرێتەوە. بە پێی ئەو ڕۆژنامەیە «ئەنچیلۆتی داوای 16 ملیۆن یۆرۆ وەک مووچەی ساڵانە لە ئیدارەی بایرن میونشن دەکات، بەڵام بەرپرسانی باڤاری ئەو مووچەیە بە خەیاڵی دەزانن، بۆیە گفتوگۆیەکە بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیراوە».

# ئۆزێل دەبێتە زاوای عێراقییەکان



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ڕۆژنامەیەکی ئیسـپانی، ئاشـکرایدەکات کە مەسـعود ئۆزێلی یاریزانی کـوردی ئەڵمانی، پەیوەندی خۆشەویسـتی لەگەڵ کچیە نمایشـکارێکی تورک، کە بە ڕەگەز عەرەبی عێراقە، بەستووەو بڕیارە بەم نزیکانە ئەڵقەی دەزگیرانی بگۆڕنەوە.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی فوتبۆل یالاس، ئەو کچە ئامینە گوڵشەنی نمایشـکاری جلوبەرگ و شاجوانی ساڵی 2014ی تورکیایە، کە بە ڕەگەز عەرەبی عێراقەو لە تورکیا خاوەن ناوبانگ و هەوادرێکی زۆرە.

ئـەو کچە هەفتــەی ڕابردوو سـەرنجی میدیـای ئینگلتەرای ڕاکێشـا، کاتێـک لـە لەندەن ئامـادەی یاری نێوان ئارسـناڵ و بایرن میونشـن لە چوارچێوەی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکای ئەوروپا بوو. ڕۆژنامەکانی لەندەن ڕایانگەیاند کە ئەو شـەوە دوای یارییەکە، گوڵشـەن و ئۆزێل، بۆ ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی بردنەوەی ئارسـناڵ، پێکەوە دەرچوونەو زۆر لە ڕۆژنامەنووسـان بەدوایان کەوتوون بۆ ئەوەی وێنەیان بگرن. کە هەمیشە گوڵشەن خۆی لە چاوی کامێرای ڕۆژنامەنووسان بەدوور دەگرێت و نایەوێت هیچ لەبارەی پەیوەندی خۆشەویستی خۆی و ئۆزێل بزانن. وەک ڕۆژنامەکە باسیدەکات "هەر لەبەر ئەوەشە کەس زانیاری ورد لە بارەی خۆشەویستی نێوان ئەو و ئۆزێل نازانێت".

هەر بە گوێرەی ئەو ڕۆژنامەیە، گوڵشەن، کە زۆر بە ئەرینا شایکی کۆنە دۆستی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی دەچێت، داوای لە ئۆزێل کـردووە تا زووە ئەڵقەی دەزگیرانی بگۆڕنەوە. بۆیە چاوەڕێ دەکرێت ئەو دوو خۆشەویستە بەم نزیکانە بەشێوەیەکی فەرمی مارەیی ببڕن و ئۆزێل ببێتە زاوای عێراقییەکان.



ڕیبوار محەممەد

بۆ مۆرینیۆ..

# کارتە سوورەکەت لە گیرفانی سەرۆکدایە

لـە خۆڕانییـە ڕۆژنامەکانـی ئینگلتەرا سـەری زمـان و بنـی زمانیـان بووەتـە هەواڵی دوورخسـتنەوەی خـۆزێ مۆرینیۆ لە مەشـقدانی یانەی چێڵسی. هەر ڕۆژەی لیسـتێک بەنـاوی ئـەو ڕاهێنەرانـە بـڵاو دەکەنـەوە کە دەبنە شـوێنگرەوەی مۆ و هەر ڕۆژەش لە ڕابردووی یەکێک لەوان ورد دەبنەوە.

ئەوەی ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرا دەیکەن، ڕێـک وەک ئەو پەندە کوردییەیە کە دەڵێ مانگەشـەو سـەر لە ئێوارە دیـارە، ئاخر هەر وایـە، کام ڕاهێنەر هەیە دەرکرابێت و هەفتەیەک و زیاتریـش بەر لە واژووکردنی بڕیـاری دوورخسـتنەوەکەی، ڕۆژنامەکانی ئینگلتـەرا جێگرەوەکەیـان دەستنیشـان نەکردبێـت، لەبیرتانە بەرلـەوەی ڕۆجێرز دەربکرێ، ئەمسـەر و ئەوسـەری ڕۆژنامە ئینگلیزییـەکان هەواڵی دوورخسـتنەوەی یۆرگن کلۆپ بوو؟

مۆرینیۆ ئێسـتا لە چێڵسـی شـتێکی نەماوەتـەوە پاکانـەی بۆ بکات، ئاسـتی تیپەکـەی بەشـێوەیەک خراپـە لـە دوا بـەراوردی ڕۆژنامەکانـی ئینگلتـەرادا کار گەیشتووەتە ئەوەی دۆخی ئەمساڵی یانەی چێڵسـی بە سەرەتای کارەسـاتاوی داڤید مۆیس لەگەڵ مانچێسـتەر یونایتد بەراورد بکـەن، ئەو مۆیسـەی ڕۆژنامەکان نەک لە مانچێسـتەر، بەڵکو لـە ئینگلتەراشـیان وەدەرنا.

پێویست ناکات بگەڕێمەوە بۆ ژمارەکانی چێڵسـی لـە وەرزی ئەمسـاڵدا، تەنیا 11 خـاڵ لە کۆی 30 خاڵ بۆ پاڵەوانی وەرزی ڕابردوو! شـتێکە کەس پێی ئەزم ناکرێت، نەخوازە سـەرۆک یانەیەک کـە دەرکردنی ڕاهێنەری لە ئاو خواردنەوە لە ئاسانترە.

ئـەوەی لـە چێڵسـی ڕوودەدات، تەنیا ئەنجامـی خـراپ نییـە، بەڵکـو پەیامـی ژمارەیـەک یاریزانە بـۆ ڕاهێنەرەکەیان کە داوای لێدەکەن بە زووترین کات یانەکەیان بۆ چـۆڵ بکات، ئاخر ئـەوەی یارییەکانی چەند هەفتەی ڕابردووی یانەکەی بینیبێت، باش درک بەوە دەکات، کێشە نە پلانە، نە تەکتیکە، نە هێزی بەرامبەر و نە دابەزینی ئاستی یاریزانێکە، ئەوەی لە چێڵسی هەیە بێزاریـی کـۆی 11 یاریزانی نـاو یاریگەیە لـە ڕاهێنەرێک کە لە ڕووی ئاسـت و توانا و درەوشـانەوەوە هەموویـان کـەم تا زۆر قەرزاری ئەون.

لە دوای دۆڕانەکەی وێسـتهام، نیمانیا ماتیچ کە بەکارتی سـوور کرایـە دەرەوە، خاڵی لەسـەر پیتەکان دانا، ئەو گوتی لە ژووری خۆگۆڕیندا شتەکان بەباشی ناڕۆن! ئەمە واتای چی؟ واتای ئەوەی کە مۆرینیۆ کۆنترۆڵی یاریزانەکانی لەدەسـتداوە، ئاخر ئاسـان نییە، ڕاهێنەرێک بـە یاریزانەکانی بڵێت سـیخوڕێکتان لەناودایـە و پلانەکان دەباتە دەرەوە.

بـە گەڕانــەوە بـۆ مێـژووی کارکردنی مۆرینیۆ وەک ڕاهێنەر لە یانەی پۆرتۆوە کە دەرکەوتنی ئەو ڕاهێنەرەی بەخۆوە بینی، ئـەوەم بۆ ڕوون بووەوە کە مۆ تەنیا دەبێ دوو وەرز لە یانەیەک کار بکات و دوای ئەوە بڕوات، دەنا کۆنترۆڵی بەسەر بارودۆخەکەدا نامێنێت.

پۆرتۆی گەیاندە لوتکەی ئەوروپا لە چوار سـاڵدا و چێڵسـی بردی، لەوێ بە 3 ساڵ یانەکـەی کردە بەهێزێکی ئینگلتەرا، بەڵام چی ڕوویـدا؟ کەوتە بیانووگرتن بە ئەفرام گرانت و بەناچاری دەستیلەکارکێشـایەوە، لـە ئەزموونـی ئینتەرمیلانـدا تەنیـا دوو سـاڵ مایەوە و سـەرکەوتوو بوو و خەونی ماسـیمیۆ مۆراتی هێنایە دی، دوای ئەو لە ڕیال مەدرید، ڕاسـتە کۆتایی بەباڵادەستی بارسا بەسەر خولی ئیسپانیادا هێنا، بەڵام ئـەوە هەر دوو وەرز بەخۆشـی ڕۆیشـت و وەرزی سـێیەم هێندەی کارەسـات هێنایە سـەر خـۆی و تیپەکـەی، بەناچـاری لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. ئێستا لە چێڵسی و لە گێمی دووەمی کارکردنیدا، دوو ساڵی تەواوکـردووە، یاریزانێک نەمـاوە بەرگری لە مۆرینیۆ بـکات و هەموان بێدەنگییان هەڵبـژاردووە و ئەگەر بێدەنگی نیشـانەی ڕازیبـوون بێـت، وا باشـە مۆرینیۆ دڵنیا بێت لەوەی ئەمجـارە ڕۆمان ئەبرامۆڤیچی سەرۆکی یانەکە کارتی سووری دەداتێ نەک ناوبژیوانەکانی خولی ئینگلتەرا..



(ڕووداوی وەرزشی)
بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە
ناو : ........................................................
مۆبایل : ........................................................
4
چل و چوارەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی
لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و
بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی
(ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان خەڵاتەکان
1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.



پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 833 3555
لەگەڵ ناوی خۆت

عیسمەت سەبری
لە
مێرگەسوور
بە لێدوانی:
(کتک ل ماڵ نیە، داوەتا مشکیە)
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری
کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

